# بەیاننامە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان.

بەپآی ڕاگەیاندنی مەسعود بەرزانی لە کۆتایی مانگی تەممووزدا، هەڵبژادنی پەرلەمان و سەرۆکی کوردستان ئەنجام دەدرێت .

دای تیپەرینی 17 ساڵ بەسەر یەکەم هەڵبژادنی کوردستاندا، جارێکی تر ناسێونالزمی کورد بڕیاری داوە گاڵتەجای سیناریوی هەڵبژاردن دوبارە بکاتەوەو جارێکی تر بۆ دەورەیەکی تر لەرێگای سەندوقەکانی دەنگدانەوە مەشروعیەت بدات بەدەسەڵاتەکەی کە دەمێک بوو ئیکسپایەر ببووە.

بەڵام هەڵبژاردنی ئەم جارەی ناسێنوالیزم کورد لە باردوخێکی تەواو جیاوازدا شەکڵ دەگرێ چی لە رووی جیهانی و چی لە ڕووی ناوخۆیەوە.ئەو کات لە سەر ئاستی جیهان یەکێتی و پارتی و بەرەی کوردستانی وەک هاوپەیمانی ئەمریکا هاتنە ناو گۆڕەپانی خۆنواندن وەک نوینەری "دیموکراتیەت" و نەزمی نویآ خوێناوی جیهان وباڵا دەستی ئەمریکادا خۆیان تیکەڵ باهۆزی باڵی ڕاستی بورژوازی جیهان کرد و لەماوەی 17 ساڵی ڕابردوو لە بەرهەمی ئەم خزماتانەیان دەلەوەڕان جیگاو شۆینێک کە بە دەستیان بەرهەمی ئەو خزمەتانیەیان بوو، خەڵکی کوردستانیش ئەو کات هێشتا تازە لە چنگاڵی بەعس خۆیان دەرکێشا بوو بۆیە دەنگ دان ئەو کات بۆ ئەوان بە مانی نا بەحکومەتی بەعس بوو، بۆ ناسێونالزمی کوردیش داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆ بوو بەسەر کۆمەڵگەدا.

ئەمڕۆ لە ئاستی جیهاندا بۆ غەرب خزمەتەکانی ناسێونالزم کورد گرنگیەکی وایان نەماوەو ئەمەریکا دۆستی نزیک تر و هاوپەیمانی بەهێزتری پەیدا کردوە لە عێراق دا کە خزمەتی باشتری پێش کەش دەکەن، لەلایەکی ترەوە نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە دژی مشتێک لەدەسەڵاتدارانی مشەخۆرو گەندەڵ تا دێ پەنگ دەخواتەوە پەڕە دەسێنآ، بۆیە هەڵبژاردن و دەنگ دان بۆ ناسێونالزمی کورد عەسای سیحری تازە کردنەوەی شەرعیەتی دەسەڵاتی ئەوانە وهیز بەخشینە پێیان.

ناسێونالزمی کورد دوای 17 ساڵ لە پێشکەش نەکردنی هیچ دەسکەوتێک بۆ خەڵکی کوردستان دەیەوی بە تەبلیغاتی بێتام و بێ ناوەرۆک جارێکی تر

کڵاو بکاتە سەر خەڵک و دەنگی خەڵک لە رێگای سەندوقەکانی دەنگدانەوە بۆ دەورەیەکی تر بە بارمتە بگرێت .

خەڵکی کوردستان ئیستا لە هەموو کاتی زیاتر ماهیەتی ناسیۆناڵزمی کوردیان تاقیکردوەتەوە، بێجگە لە ڕاو ڕووت و بەتاڵان بردنی سەروەت سامانی کۆمەڵگە، لە هەژاریدا هێشتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک چارەنەکردنی بێکاری و نەبوونی خزمەت گوزاری و دوای 17 ساڵ چارەسەر نەکردنی کێشەی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و کێشەی خانووبەرەو پەڕەسەندنی کێشەکانی لاوان، رۆژ لە دوای ڕۆژ چوونەسەرەوەی کوشتنی ژنان و پێشێل کردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان لەلایەکەوە، درێژە دان بە گەندەڵی چوونەسەرەوەی دەوڵەمەندی دەسەڵتداران بەرزبوونەوەی کۆشک تەلارەکانیان و هێشتنەوەی زۆربەی خەڵک لە هەژاریدا وڕاگرتنی کرێی کرێکاران لەنزم ترین ئاست و نەبوونی ئازادی مانگرتن و خۆپێشاندان و مامەڵەکردنی کرێکاران بە یاساکانی بەعس لەلایەکی ترەوە، ئەجەندای ناسیۆناڵزمی کوردە بە دەسەڵاتدارو و ئۆپۆزیونەوە، بە موحافەزەکار و "ریفۆرمیست"وە، هەمان ئجەندایایە و دەیانەوی مێژوو دووبارە بکەنەوە بەڵام ئەم جارە بە گاڵتەجاری! ئەم هەڵبژاردنە بۆ تزمین کردنی بەرژوەندیکانی بورژوازی کوردستان و باڵی راستی کۆمەڵگەیە و چنی کرێکارو ئازادیخوازان و چەپ و کۆمۆنستەکانی کوردستان هیچ بەرژەوەندیەکیان لەم پرۆسەیدا نیە.

ئەم هەڵبژاردنە پێش ئەوەی باسی" نەزاهەت" وتەزویری بێت، وەک هەندێ لایەنی خۆ بەچەپ زان باسی دەکەن، هیچ ئستاندارێکی " دیموکراسی" تێدا نییە، ئەم هەڵبژادنە لەسەر بنچینەی دابەشکرنی قەومی و دینی ڕاوەستاوە، باسێک نیە لە هاوڵاتی بوونی یەکسان، کورسێکانی کورسی قەوم و قەبیلەکانن، لە چوار چێوەی دەوڵەتیکی میلیشیای و قانون و دەستوورێکی ئیسلامی دا بەڕیوە دەچێ، بەشێکە لە هەمان پرۆسەی سیاسی لە سەراسەری عێراق دا، هەر لەئیستاوە قۆرخ کردنی دەسەڵاتە لەدەستی ناسیۆناڵزمی کورد بەگشتی و یەکێتی و پارتی بەتایبەتی وسپاردنی چارەنووسی کوردستان و کێشەی میللیە بەهەڵواسراوی هێشتنەوەیەتی وەک خۆی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق ئامادەیە بچێتە هەر چەڵەنجێکی هەڵبژاردنەوە کە لانی کەمی ئیستانداردە دیموکاراتیکەکانی تێدا پاریزراوبێت، بەڵام هەڵبژاردنێک کە ئیستا بەرێوەیە لە کوردستان بیجگە لە پەنجە مور کردنی خەڵک بۆ ناسێونالزمی کورد و شەرعیەت دان بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەیان ، لە گاڵتەجاریەک زیاتر نابێت، جارێکی تر بۆ دەورەیەکی تری نادیار چارەنووسی کۆمەڵگە دەخاتە دەستی داروەستەی تاڵانبەر و گەندەڵی ناسێونالزمی کودو درێژە دانە بە هەژاری وبێکاری و نادیاری چارەنووسی لاوانی کوردستان و درێژ کردنە زنجیرەی ژن کوژی و داسەپاندنی بێ مافیەکانی خەڵکی کوردستانە، چارونووسی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگە ئەسەیری ئەوان دەکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق
13ئایاری 2009